


# ماڵ و مین

مادێح پیریۆنسی
(کەنەدا)

تانکێکی شکاو لە زەوییەکەی باوەگەورەدا بوو. ئێمەی منداڵەوردە زۆرمان خۆش دەویست و هەمیشەی خوا پوورەمان دابوو بە دەوری ئەو دێوە ئاسنییەدا و گەمەمان پێ دەکرد، ئاگایشمان لێی نەبوو هیی کام لای شەڕەکەیە. بڕێک لە گەورەکان لایان وابوو هیی عێراقە؛ بڕێکی دی سوور بوون لەسەر ئەوەی ئێرانییە. ئەو تانکەیش بەجۆرێ هەروەک زەوییەکەی باوەگەورە بوو کە نیوەی کەوتبووە بەشی ئێران و نیوەی عێراق.

ئێمە منداڵەکان کە خەریکی گەمە دەبووین هیچ کات ئەو سنوورەمان بە چاو نەدەبینی، بەڵام وا دیارە لەوێ بوو و زەوییەکەی باوەگەورەی کردبوو بە دوو لەتەوە. بەهەرحاڵ گەورەکان بۆچوونی سەیروسەمەریان دەربارەی تانکەکە بوو، کۆمەڵێکیان دەیانگوت تانکەکە ڕووسییە، ئەوانی تر بە ئەڵمانییان دەزانی، ئەم لا دەیانگوت تەیارە بۆمبی لێ داوە و ئەو لا ڕایان وا بوو ئاڕپیجی بەو دەردەی بردووە. هیچی ئەمە بۆ ئێمەی منداڵ بایی پووشێ گرنگ نەبوو. ئێمە تانکە شکاوەکەمان خۆش دەویست، ناومان لێ نابوو «گابۆر». خۆشمان دەویست چون ئارام و ئەمین بوو و ئیجازەمان پێ درابوو گەمەی پێ بکەین. هەمیشە پێیدا هەڵدەزناین و لە سەرییەوە بازمان دەبردە خوارەوە. جاروباریش خۆمان بە لوولەکەیدا شۆڕ دەکردەوە، کە لە چەمەکەدا مەلەمان دەکرد، کراسەکانمان بە شان و ملی گابۆردا هەڵدەواسی کە لەبەر هەتاودا وشک ببنەوە. گابۆر ئەسپێکی ئارام و هێور بوو کە نە هەڵدەستایە سەرچنگ و نە دەگەوزا. هێندە ئارام بوو کە بەسەر

پشتییەوە غارمان دەدا ئەو بابۆڵانەی دایەگەورە بۆی پێچابووینەوە بە دەستمانەوە دانەدەکەوت. بێ ئەوەی جمگە نەجمەکانی بجووڵێن دەیدایە غار. ترسی گلانمان نەبوو. لە هەموو شت باشتر، باوەگەورە حەقی بەسەرمانەوە نەبوو ئەگەر یاریمان لە دەوری ئەو تانکە بکردایە، وەک مینەکانی مێرگەسوور نەبوون کە هەر سات ئەگەری ئەوە بوو بتەقێنەوە و لاقمان ببەن.

- باوەگەورە! کێ ئەو مینانەی خستووەتە مێرگەسوور؟

- ماڵ و مین نازانم.

باوەگەورە زۆر جار بۆ خۆشەویستی بە ماڵ و مین بانگی دەکردین، هەندێک جاریش چون ناومانی لەبیر دەچووەوە.

- دەڵێم عێراقین، یان ئێرانی؟

- ماڵ و مین نازانم. تەنیا شتێ دەزانم ئەوەیە هەر پێیان پیا بنێین، دەتەقێنەوە و لە ئەژنۆ بەرەوخوارمان نامێنێ. گوێیان نییە ئەو پێیە هیی منداڵی ئێرانییە، یان عێراقی، یان کورد، دەربایس نین ئینسانە، یان حەیوان. هەر پارەکە نەبوو مینێ مانگاکەی ماڵ کەریمی برد بە هەوایا و فریای چەقۆ نەکەوت؟

- بەرەوەڵڵا باوەگەورە، ڕاست دەکەیت.

- لەوە ناچێ بیرت بێ کە هیوا پێی بە مینێکدا نا و قاچی قرتا. ئەو ساڵە بوو کە بەهار بەو مێرگا چوو بۆ قارچک دۆزینەوە.

- نەوەڵڵا باوەگەورە. بیرم نایە.

ڕاستییەکەی چەند وێنەیەک لەو ڕۆژە لە بیرمدا ماوەتەوە، خەڵکەکە هیوایان هاوردەوە بۆ ناو ئاوایی. لە تویوتایەکی سپیدا بوو، بەڵام خوێنەکەی چواردەوری تویوتاکەی لەکەدار کردبوو و جێگە دەستە خوێناوییەکان بەو سپیاییەوە هاواریان دەکرد. ئەو وێنەیەی بە ڕوونی لە خەیاڵمدا ماوەتەوە دیمەنی دایکی هیوا بوو کە دەگریا و ڕوومەتی خۆی دەڕنی و بێهیوا هاواری دەکرد. شتێک نەبوو حەز کەم لە بیرم بمێنێ، بەڵام برێک وێنە هەن لە مێشکتدا هەر دەمێنن.

لە پشتی مێرگەسوورەوە، کە هێڵی سوور بوو بۆمان، باخەترێیەکی چۆڵکراوی لێ بوو، باخەکە چەند بنە مێوێکی تێدا بوو کە بە بناری کێوەکەوە وەک ئاژەڵی ترساو و گوێ قوڵاغ بڵاوەیان کردبوو و چاویان لە ئێمە بڕیبوو. دەڵێی غەریبانێک بوون کە چاوەڕێن بگەڕێنەوە باوەشی کەسەکانیان، بەڵام ئەو مینە تووڕانەی مێرگەسوور هەمیشە پاسی باخەکەیان دەکرد و تەنیا ئیجازەیان بە چۆلەکە و ڕیشۆڵە و قشقەڕە دەدا کە تامی ترێکان بکەن. تەرز و لقوپۆپی چەوتە مێوەکان لوول بووبوون و بە هەوادا هەڵچووبوون، وەک قژی ئەو ژنە کوردانەی جاران دەهاتن و ترێ و گەڵا مێوەکانیان دەچنییەوە. لقەکان درێژ و وشک و بێ دەماخ بوون و ئاواتی ئەوەیان بوو دەستێکیان بەسەردا بکشێ و ئارایشێک بکرێن. ترێکان دەمێکە بوون، نەگوشرابوونە پەرداخی هیچ کەسێک. ئەو چەند مینە شێتە خوێناوییە وەک جنۆکە هەمیشە هۆشیار و بەخەبەر بوون و پاسەوانی ئەو ڕەزانە بوون کە سەردەمێک خوێنەکەیان سەدان کەسیان سەرمەست دەکرد،

بەڵام تانکەکە، تانکە خۆشەویستەکەی ئێمە، گابۆر، هیچ وەک ئەو مینە بێ شەرمانە نەبوو. هەرگیز دەست و پێی کەسی نەقرتاندبوو، گیانی کەسی لێ نەسەندبوو. ئەسپە ئەمین و نەجم و بێدەنگەکەی خۆمان بوو. ئێمە هیچ ئاگامان نەبوو کە داخۆ ڕۆژێک لە ڕۆژان ئەو لوولە درێژە ساردەی ئاگری بە ماڵی کەسێکەوە ناوە، یان

ئەو زنجیرە ژەنگیاوییانەی ژێری بڕبڕەی پشتی کەسێکیان شکاندووە. ئەوەی ئێمە دەمانزانی ئەوە بوو کە تەنیا شتێ ئێمەی منداڵەوردە دەشیاین گەمەی پێ بکەین ئەو تانکە بوو. هەمیشە بەهاران کاتێک دەچووین بۆ کێڵانی زەوییەکەمان، گابۆر لەوێ بوو.

هەتا ڕۆژێک نەما.

بەهارێکیان کە چووین بۆ جووت، بینیمان تانکەکەمان نەماوە. گابۆر لە جێگەکەیدا دیار نەبوو، ئەوەی بەجێ مابوو پەڵەیەک بوو بەسەر زەوییەکەوە کە لەو گیا شینەی بەهاردا بە ڕووزەردی لە جێگە برینێکی گەورە دەچوو. گیای ئەو جێگەیە تەنک و زەرد بوو و دەریدەخست تانکەکەیان بە تازەیی گواستووەتەوە. منداڵان هەرکە ئەوەمان دی دامانە پرمەی گریان و ڕامان کرد بۆ لای باوەگەورە:

- باوەگەورە، تانکەکەمان کوا؟ گابۆریان بردووە؟ کوا؟

باوەگەورە بە هێمنییەکەوە وڵامی دایەوە:

- لەوانەیە هاتبێتن بۆی و بردبێتیانێ.

- کێ؟

- دەوڵەت.

- یانی کێ؟ ئێران، یان ئێراق؟

- نازانم ماڵ و مین! ئەوەی دەزانم چیتر لەوێ نەماوە.

من بەدەم گریان و هەنسکەوە بیرم کردەوە و تۆزێکیش دڵخۆش بووم و پرسیم:

- ئەی ئەگەڕێنێ ئەو مینە تەڕەماشانیشە ببەنێ؟

باوەگەورە زەردەیەکی گرت و بە نائومێدییەکەوە گوتی:

- نەوەڵڵا ماڵ و مین. ناگەڕێنێ بۆ مینەکانیان. هیچ لایەکیان نایەنێ، مینەکانیان ماڵی ئێمەن. ئەوەیان بۆ بەجێ هێشتووین، لە خاکەکەمانا ئەمێننێ.

**تێبینی:**

ئەم چیرۆکە بە ئینگلیزی لە ژێر ناوی Only Mines Are Mine لە زستانی ساڵی ٢٠٢٥دا، لە گۆڤاری کوینز کوارتەرلی (Queen’s Quarterly) چاپ بووە و ئەم دەقە وەرگێڕانی ئەو چیرۆکەیە. ناوونیشانی بابەتەکە ئەمەیە:

Piryonesi, S. M. (2025, December 1). Only mines are mine! Queen, s Quarterly, 132(4). https://www.queensu.ca/quarterly/only-mines-are-mine